# زۆران لە نێوان ساڵانی ١٩٧٦ تا ١٩٧٩ لە بۆکان

بیرەوەری ئەیوب ئەیوب زادە



ڕاهێنەر: عەبدوڵڵا کردپوور، تاهیر سوڵتان پوور

دەتوانم بڵێم لەو ساڵانەدا (١٣٥٥ - ١٣٥٧) جگە لە بەشی یاری تۆپی پێ "فوتباڵ" بەشی زۆران چالاکترین و ڕێك و پێك ترین بەشی وەرزشی بۆکانی پێك دێنا. لەو قۆناغە لە وەرزشی زۆران لە بۆکان، کاك عەبدوڵڵای کردپوور ئەرکی مربیگەری ئەو بەشەی وە ئەستۆ بوو. ئەگەر حەز و عەلاقەی بەشداران لە لایەك دابنێین، جیددی بوونی کاك عەبدوڵڵا کردپوور لە نەخشی مامۆستایەکدا کە بێ هیچ خەڵات و بەراتێك هەموو ڕۆژی خۆی بۆ ئەو کارە تەرخان دەکرد، دەتوانێ وەك هۆیەکی گرنگی ئاکتیڤ بوونی ئەم بەشە لە وەرزشی بۆکان سەیر بکرێ. ئیمکاناتی بەشی زۆران لە بۆکان چ نەبوو، شیاوی باسکردن بێ. ئەو ساتەش وەك ئێستا شارەکانی کوردستان لە هەموو ئیمکاناتی پێڕاگەییشتن بە تەواوی بێ بەش کرابوون و سیاسەتی هەڵاواردن کە بە دایم لە لایەن دەوڵەتەوە دەرهەق بە

کورد ڕچاوکراوە، شوێنی گرنگی لەسەر گەشەکردنی ئەم بەشە لە وەرزشی شاری بۆکان دانابوو. ئەگەریش ڕۆژێ داهاتیکی نیوەچڵیان بۆ تەرخان کردووە، هەر لە ناوەندی ئوستان تا دەگەیشتە بۆکان، هێندە پاشقول دەدرا و پاش دەون دەکرا، ئیتر شتێك نەدەماوە بۆ وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی بەشی زۆران بەکار بهێندرێ.

لەگەڵ هەموو ئەوانەش بەهۆی دڵسۆزیی لەڕادەبەدەری کاك عەبدووڵا بەشی زۆران لە بۆکان توانی بۆ شارەکانی سەقز، میاندواو و ورمێ بچێ و لەو شارانە مسابقە بدا و جارێکیش زۆرانی سەقز و میاندواو بۆ بۆکان بانگهێشتن بکات. ئاکامەکانی ئەو کێبەرکێیانەم باش لەبیر نەماوە بەڵام ئەوەندەم لەبیرە زۆرانی بۆکان سەرکەوتنی باشی بەدەس هێنا. نووسەری ئەم دێرانە تا ئەو جێگایەی لەبیری مابێ ئەو کەسانەی خوارەوە لە نێوان ساڵەکانی ١٣٥٥ هەتا ١٣٥٧ بە شێوەیەکی بەردەوام زۆرانیان دەگرت:

- کاك **عەبدووڵا کردپوور** جگە لەویکە نەخشی ڕاهێنانی تیمەکەی بە ئەستۆ بوو، هێندێك جاریش لە وەزنی ٧٤ کیلۆگرەمدا کێبەرکێی دەکرد، لە یارییەکاندا دۆڕانی بۆ نەبوو.
- **کەریم خاڵەندی** لە وەزنی ٨٦ کیلۆگرەمدا زۆرانی دەگرت و هەتا وەی بخوازێ، بە حەرەکەت و بە توانا بوو. لە کێبەرکێ کاندا گەلێك سەرکەوتنی بەدەس هێنا، جگە لەوەش لە ڕوانگەی کەسایەتییەوە بەڕاست ئازیز و خۆشەویست بوو.

- کاك **یۆسف حەریقی** و کاك **محەمەد خەیات** (بەداخەوە وەك بیستوومە کاك محەمەد لەو یەك دوو ساڵانەدا بەهۆی نەخۆشی دڵ ماڵئاوایی لە ژیان کردووە) لە وەزنی ٥٨ کیلۆگرەمدا زۆرانیان دەگرت و هەرکیان لە کارەکانیاندا سەرکەوتوو بوون.

- کاك **تەها سوڵتان پوور** و **عوسمان نەوبەخت** لە وەزنی ٤٢ کیلۆگرەمدا زۆرانیان دەگرت. تەها سوڵتان پوور هەتا بڵێی کوشتی گیرێکی لێهاتوو بوو، بەڵام بەداخەوە دواتر درێژەی پێ نەدا، ئەگینا چاوەڕوانیی گەورەی لێدەکرا.

- ئەیوب ئەیوب زادە و ئەنوەر ئەیوب زادە لە وەزنی ٣٢ کیلۆگرەمدا زۆرانیان دەگرت. لەو ساڵەدا و لەم وەزنەدا هەر من و ئەنوەری برام لە بۆکان زۆرانمان دەگرت و لەگەڵ ئەوەی کاك عەبدوولا کردپوور زۆری هەوڵ دا گەنج و لاوی دیکە لەو وەزنەدا بۆ زۆران گرتن هان بدا، بۆ ئەوەی من و ئەنوەر بە یەکەوە نەکەوینە کێ بەرکێوە، بەڵام بەداخەوە نەدۆزریەوە. وابوو ڕۆژێك دەبوایە لە نێوان من و ئەودا یەکێکمان هەڵبژێردابایە بۆ کێ بەرکێ لە هەنبەر شارەکانیتردا. ڕۆژی کێ بەرکێ هات و نۆرەی من و ئەنوەر گەییشت. من دەمزانی ئەنوەر هەر لە منداڵییەوە ئینسانیکی بەهێز و توانا بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دڵنیا بووم کە لە عەرزی دەدەم. خەڵکێکی زۆر وەك چاولێکەر لە سالۆن بوون. من و ئەنوەر دوای تۆقە کردن دەستمان بە زۆران گرتن کرد. لەو ناوەدا تا دەهات هێز و تاقەتی ئەنوەری برام پتر تەنگی پێ هەڵدەچنیم و هەستم دەکرد ناتوانم خۆم لەبەر دەستیدا بگرم، زۆر باش لەبیرمە، ڕاست لەو کاتەدا هات تەختی پشتم لە عەرز بدا، پێم گوت: "کوڕە هەتی نەکەی لە عەرزم دەی، من براگەورەتم"، بەڵام بێ ئەوەی ئەو بیر لەو قسەیەی من بکاتەوە، کاری خۆی کرد. (دیارە ئەنوەر لە ماڵێ بێزارکێش کرا) ئێستاش کە لەو ڕۆژە بیر دەکەمەوە و

قسەی خۆم دێتەوە بیر، وەك خۆشترین بیرەوەری ئەو سەردەمە پێکەنین دەمگرێ.

ئەنوەر دواتر لەسەر درێژەپێدانی کارەکەی بەردەوام مایەوە و بوو بە کوشتی گیرێکی نموونە و نەك لە بۆکان بەڵکوو لە ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و بگرە لە ئێرانیشدا لەبەر ئەو لێهاتووییەی بووی، ماوەی چەند ساڵ بوو بە ڕاهێنەری زۆران لە بۆکان. دیارە ئەویش وەك کاك عەبدوڵڵا کوردپوور بێ خەڵات و بەرات ئەو کارەی دەکرد، هەر بۆیە گیروگرفتی ژیان لە ڕوانگەی ئابوورییەوە ناچاری کرد دەگەڵ ئەوەی توانی زۆر کەس لە گەنج و لاوەکانی شارە خۆشەویستەکەمان زۆر بە باشی ڕابێنێ، ماڵئاوایی لە وەرزش و مامۆستایی بکا.
بیرەوەرییەکی دیکە کە بە پێویستی دەزانم لێرەدا ئاماژەی پێ بکەم ئەو کەسانەن کە لە وێنەکەدان:



عوسمان علی زادە، مستەفا گوڵی زادە، ئەمیر ئەشرافی، عەزیز خوشکام، عوسمان دادخواه، مەحموود خوشکام، ... مەردان بەگی، عەلی سۆفی، خسرەوی، تەها سوڵتان پوور، ڕەشید یەزدان پەنا، حەسەن، عەلی نادری، کەریم خاڵەندی،

ئەیوب ئەیوب زادە، ئەنوەر ئەیوب زادە، وەفا ئەیوب زادە، عوسمان نەوبەخت، سەعید یەزدان پەنا.

ئالو گۆڕە سیاسییەکانی وڵات، کە لە خۆپێشاندانەکانی شارەکانی ئێران بە دژی ڕژیمی شا خۆی نیشان دا و بوو بەهۆی ڕووخانی ڕژیمی پاشایەتی و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، شوێنی لەسەر زۆران لە بۆکان، یاخۆ ڕەنگە دروستتر بێ بڵێم تەرکیبی وەرزشی زۆران لە بۆکان لەو ساڵانەدا دانا. سیاسەت لێرەش کاری خۆی کرد و هەر کەسەی بۆلایەك هەڵداشت. هێندێك وەشوێن ژیانی ئاسایی خۆیان کەوتن و ژمارەیەکی کەمیش درێژەیان بە زۆران گرتن کرد و ژمارەیەکی بەرچاوی دیکەش ڕوویان لە کاری سیاسی کرد. کاتێك لە ناوی ئەو کەسانەی لە وێنەکەدان ورد بینەوە، دەبینین ئازیزانیکی وەك ڕەشید یەزدان پەنا، عوسمان دادخا، سەعید یەزدان پەنا لەمێژ ساڵە چوونەتە کاروانی شەهیدانی سورخەڵاتی گەلەکە مانەوە و لە شەڕ دەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان گیانی ئازیزیان لە پێناوی بەختەوەری و سەربەستی گەلەکەیان بەخشیوە. هەزاران سڵاوی نەمری بۆیان،

ئەیوب ئەیوب زادە

ئاڵمان ٢ی مانگی ژانویەی ساڵی ٢٠٠١